سەید حەکیم: پاڕەپشتیکردنی جوتیاران و بەڕێوەبەران پێشینەیەکی گرنگە بە بەجووڵەخستنی گۆڕەپانی دابینکردنی هەڵی کار

لەمیوانخانەی بەڕێز سەید ئەحمەد عاشوور ئەلزاملی و لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا کە چەندین شێخ و پیاوە دیارەکان و بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هەزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت باسکی لەسەر ڕەسەنایەتی کەلتووری عەشایری بەدیدەکی سیاسی خستە ڕوو.

سەماحەتی وتارەکەی بە وەبیرهێنانەوەی ئەو پێوەندییە مێژوویە قووڵانە دەستپێکرد کە کەسایەتییە دیارەکانی بنەماڵەی حەکیم (خوای گەورە نهێنییەکانیان پیرەز بکات) بە پارێزگاری واست و شێخەکانی و کەسایەتییە بەرزەکانیەوە دەبەستێتەوە، هەروەها ئاماژەی بە گرنگی قووڵی نێتەویی و مرۆیی ئەم پارێزگایە کرد لەسەر ئاستی نیشتمانی.

سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە عێراق بەرگەی قەیرانی سەختی گرتووە، دیارترینیان قەیرانی ئەمنی بووە، کە بووە هۆی قەیرانێکی کەمایەتی کە تیایدا تیرەر هەوێدا پێکهاتەکانی وڵات پارچە پارچە بکات و ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست بکات، ئەمە جگە لە قەیرانی سیاسی و ململانێی توندی دەسەڵات، بەڵام جەختی لەوە کردەوە کە عێراق هەموو ئەو قەیرانانەی تێپەڕاند و بەهێزتر و خاوەنئەزمونتر دەرکەوتووە، ئەمەش ئاماژەیە بە ئەوەی لە کاتێکدا قەیرانی ئابووری ئێستا وەك خنکاندنە، بەڵام عێراق توانای ڕووبەڕووبوونەوە و زاڵبوونی هەیە.

.. بەڕێزیان ستایشی ئەو وێنە شارەفمەندی کرد کە عێراق لە گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵاتدا پیشانیدا، دیمەنێک کە لە ناوچەکە و لە مێژووی پێشووتری عێراقدا وێنەی نەبووە، هەورەها جەختی لە گرنگی پشتگیریکردنی حکومەت کردەوە لە هەوڵەکانی چاکسازی و تێگەیشتن لە واقیعە ئابوورییەکان بە بەڕێوەبردنی ئەم قۆناغە.

لە ڕووی ئابوورییەوە بەڕێز حەکیم جەختی لە پێویستی ڕەچاوکردنی بەدیلێکی بژاردەیی بە ڕێگەوی هەناردەکردنی نەوتی عێراق کردەوە، لە ڕێگەی دروستکردنی سیستەمی بەرییەوە کە درێژدەبێتەوە بە دەریای سوور و دەریای ناوەڕاست، لە هەمان کاتدا بە پەرەشەوە باسی هەمەچەشنکردنی ئابووریی نیشتمانی و بوژاندنەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری، وەبەرهێنان، و تەکنەلۆژیای مەدەرنی کرد.
.
سەید حەکیم داواشی کرد گرنگی بە جووتیاران بدرێت و خەرجکردنی شایستە دارایییەکانیان بە پێشینەیەکی یەکسان بە مووچە هەژمار بکرێت، هەروەها ئاماژەی بە پاراستنی مافی بەڕێوەبەران بە خەراکردنی پێشکەوتنی پێژەکان کرد بەتایبەتی ئەوانەی کە نزیکن لە تەواوبوون، بەمەش پەرەپێدانی بەردەوام و ڕەخساندنی هەڵی کار پێیدا دەبێت، بەڕێزیان بانگەوازی کرد بە باشترکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان و دەستخۆشی لە هەنگاوەکانی چەسپاندنی چەک لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا کرد و جەختی لە گرنگی پشکشکردنی پشتیوانی سیاسی، میدیایی و مرۆیی بە گەلانی ئێران و لوبنان کردەوە...